
**Fjölmenningardeild**
**Vinnumálastofnunar**
Multicultural Information Centre

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# ناو تۆمارکردن لە سیستەمی گرنگ

## Registration in Important Systems

### زانیاری بۆ ئەوکەسانەی کە تازەکی مافی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە ڵاتی ئایسلاندا

Information for people who have just been granted the status of refugees in Iceland

**تۆمارکردن لەسەر سیستەمە ئەلەکترۆنییەکان**

1. **کێنیتالا – ژمارەی کەسیی**

a. ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی یان کارمەندی پەیوەندیی دەزگای کۆچ و پەنابەران UTL دەتوانێت ئاگاداری ئەوەت بکاتەوە کە کێنیتالاکەت ئامادەیە و چۆتە ناو فایلی تایبەت بە خۆت و لە ئاماری نیشتیمانیی کارا کراوە.

b. هەرکاتێک ژمارەی کێنیتالاکەت ئامادەبوو ، کارمەندی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان / شارەوانی دەتوانێت هاوکاریت بکات لە پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتنی یارمەتییەکان .

c. کاتێک وەربگرە لەگەڵ ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتییدا بۆ ڕاوێژ و پێشکەشکردنی داوای ئەو یارمەتییانەی کە ڕەنگە مافی ئەوەت هەبێت وەریان بگریت.

d. دەزگای کاروباری کۆچ و پەنابەران کورتە نامەیەکت بۆ دەنێریت SMS بۆ ئاگادارکردنەوەت لە کاتی ئامادەبیی و وەرگرتنی کارتی ئیقامە لەم ناونیشانە: Kópavogur 201 ،Dalveg 18. دالڤێگور 18 لە کۆپاڤۆگور

**2 . ژمارەی بانقی**

a. لەگەڵ وەرگرتنی کارتی ئیقامە ، حسابێک لە بانقدا بکەرەوە .

b. ژن و مێرد، هەریەک بەجیا ، پێوستە ژمارەی حسابیی بانقی خۆیان هەبێت .

c. پێدانی موچە و یارمەتییەکان و هەر پارەیەکی تر هەمیشە لە ڕێگەی بانقەوە دەبێت

d. پێویستە بچیتە بانقێک، سەربەستیت لە هەڵبژاردن، باکارتی ئیقامە و پاسپۆرتت پێبێت یان بەڵگەنامەی سەفەر بە پێی توانا .

e. باشتر وایە تەلەفۆن بکەیت لە پێشدا تا بزانیت پێویست بە کات وەرگرتن دەکات .

f. ژمارەی حسابیی بانقەکەت بدەرە بەشی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان تا بچێتە ناو فایلی تایبەت بە تۆ فۆرمی داواکاریی یارمەتیی.

**3 بانقی ئەلەکترۆنی /بانقی ماڵەوە**

a. پێویستیت بە خزمەتگوزاریی بانقی ئەلەکترۆنیی/بانقی ماڵەوە دەبێت تاکو بتوانیت چاودێری حساباتی پارەدان و پارە وەرگرتن بکەیت.

b. تۆ دەتوانیت داوای هاوکاری بکەیت لە کارمەندی بانق بۆ دابەزاندنی ئەپ ی بانق لەسەر مۆبایلەکەت.

c. پارێزگاری لە ژمارەی نهێنی تایبەتی خۆت بکە PIN لە شوێنێکی ئەمین دابنێ، هیچ تێبینی یان ئاماژەیەک بە ژمارە نهێنیەکەت لە جزدانەکەت دامەنێ. ژمارەی PIN مەخەرە بەردەستی هیچ کەسێکی نەناسراو ، کارمەندی بانق ، تەنانەت بە پۆلیسیش.

d. ئاگادار بە هەندێک پارە ، فاتورە، لەسەر بانقەکەت دەردەکەوێت لەسەر ئینتەرنێت ، پارەی گروپی خێرخوازی ، یانسیب ، ڕێکخراوی نا حکومیی و لایەنی ترکە ئەوانە ئیجبارین نین و تۆ سەربەستیت پارەیان دەدەیتێ یان نا.

e. لەناو بانقی ئەلەکترۆنیدا شوێنێک هەیە بۆ ئەو حسابە ئیختیارییانە ، بەڵام هەندێک جار دەکەونە شوێنی سەرەکی وەک قەرز دەردەکەون، بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەوەبیت ، بزانە پارەی چیت لێداواکراوە.

**4. پێناسی ئەلەکترۆنیی** Rafræn Skilríki

a. پێناسی ئەلەکترۆنیی بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراوە لە جیهانی ئینتەرنێتدا. خۆ تۆمارکردن بە بەکارهێنانی پێناسی ئەلەکترۆنیی لە بری پیشاندانی شوناسی کەسییە. پێناسی ئەلەکترۆنی جێگای قبوڵە و ڕێک وەک ئیمزا وایە.

b. پێناسی ئەلەکترۆنی داواکراوە بۆ ئیمزاکردن لەسەر خزمەتگوزارییەکانی سەر ئیتەرنێت کە زۆربەی دام و دەزگاکان ، بانقەکان ، شارەوانی و شوێنەکانی تر پێشکەشی دەکەن

c. هەمووان پێناسی ئەلەکترۆنییان پێویستە، ژن و مێرد هەریەک بە جیا پێناسی ئەلەکترۆنی خۆی پێویستە.

d. بۆ دەستکەوتنی پێناسی ئەلەکترۆنی؛ داوایەک پێشکەش بکە لە بانق یان لە پێگەی Auðkenni.

e. بۆ داواکردنی پێناسی ئەلەکترۆنی Rafræn Skilríki ، پێویستیت بە ژمارە تەلەفۆنێکی تۆماری ئایسالاند هەیە لەگەڵ مۆڵەتی شۆفێریی یاسایی یان پاسپۆرت. بەڵگەنامەی سەفەر دەرچووی لای دەزگای کۆچ و پەنابەران هاوتایە لەگەڵ پاسپۆرت یان پێناسی کەسیی

f. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : https://www.skilriki.is/ و https://www.audkenni.is/

## 5. بەڵگەنامەی سەفەری پەناهەندە

a. ئەو پەنابەرانەی ناتوانن پاسپۆرتی وڵاتی خۆیان پیشان بدەن، بۆیان هەیە داوایەک پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی سەفەر.بەڵگەنامەی سەفەر هاوتای پێناسی کەسیی و پاسپۆرتە.

b. داواکردنی بەڵگەنامەی سەفەر لە دەزگای کۆچ و پەنابەرانە UTL . تێچووەکەی 5600 کرۆنەی ئایسلاندییە.

c. فۆرم لە نوسینگەی کاروباری بیانیان/دەزگای کۆچ و پەنابەران Hafnarfjörður / Bæjarhraun 18 وەردەگیرێت. پرسگەی دەزگاکە کراوەیە لە ڕۆژانی سێ شەممە بۆ پێنج شەممە، کاتژمێر 10بۆ12. بۆ دەرەوەی شار، فۆرمەکان لە لای قایمقامی شارۆچکەکان و لەلای سیسلوماذور Syslumaður پردەکرێنەوە و دەنێررێن.

d. کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بیانی، دەزگای کۆچ و پەنابەر، هاوکاریی فۆرم پڕکردنەوە ناکەن .

e. پێویستە فۆرمەکە بگەڕێنیتەوە بۆ نوسینگەی کاروباری بیانیDalvegur 18 /201 Kópavogur ، یان بۆ Bæjarhraun 18 / Hafnarfjörður لەگەڵ وەسڵی پارەدانەکە .

f. بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و پەنابەران، دووای قبوڵکردنی داواکە، نامەیەک ئەنێرێت بۆ ئاگادارکردنەوە و بانگکردنی کەسەکە بە مەبەستی وێنەگرتن

g. وەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی سەفەر دووای وێنەگرتن ماوەی 7 بۆ 10 ڕۆژی پێدەچێت.

h. دەزگای کۆچ و پەنابەران کار دەکات لەسەر گۆڕینی پرۆسەی ڕاییکردنی داواکان بە مەبەستی ئاسانکردن و خێراکردنی کاری بەڵگەنامەی سەفەر.

## 6. پاسپۆرتی کەسانی بیانی

a. ئەوکەسانەی ئیقامەی ئینسانییان هەیە بەڵگەنامەی سەفەر وەرناگرن ، بەڵکو پاسپۆرتی خەڵکی بیانیی وەردەگرن .

b. جیاوازییەکە ئەوەیە بەڵگەنامەی سەفەر ئەتوانیت سەفەری گشت وڵاتانی پێبکەیت بێجگە لە وڵاتی دایک. هەرچی پاسپۆرتی خەڵکی بیانییە سەفەری هەموو شوێنێکی پێدەکرێت بە وڵاتی دایکیشەوە .

c. ڕێ و شوێنی داواکردنی پاسپۆرتی خەڵکی بیانیی و بەڵگەنامەی سەفەری پەناهەندە وەک یەکە .

## 7. بەڕێوەبەریی بیمەی تەندروستیی ئایسلاندیی

a. ئەو کەسانەی تازە هاتوون بۆ ئایسلاند وەک پەناهەندە یان بە هۆکاری ئینسانیی ئیقامەیان وەرگرتووە ، ئەبەخشرێن لە یاسای ٦ مانگ چاوەڕوانی بۆ چوونە سەر سیستەمی بیمەی تەندروستیی ئایسلاندی SÍ

b. پەنابەران هەمان مافیان هەیە وەک کەسانی تری ئایسلاندی لە سیستەمی بیمەی تەندروستیی ئایسلاندی Sjúkratryggingar Íslands

c. بۆ ئەو کەسانەی سیستەمی بیمەی ئایسلاندیی ئەیانگرێتەوە ؛بیمەی تەندروستیی بەشدار دەبێت لە تێچووی خزمەتگوزارییە تەندروستی و تێچووی دەرمان و چارەی نوسراو بۆ نەخۆش لە لایەن پزیشکەوە.

d. دەزگای کاروباری بیانیی UTL زانیاریی دەدات بە بەڕیوەبەرایەتی بیمەی تەندروستیی ئایسلاندی SÍ بە مەبەستی تۆمارکردنی پەنابەران لە سیستەمەکەدا.